www.kurdistannet.org
28-3-2006 21:16بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بانگەوازێک بۆ هەموو رەخنەگران لە هەردوو پارتەکەی کوردستان ... ملبەدۆن

هەمووامان رەخنەگرین، ئەو دووپارتەی كوردستان بەنەفرەت ئەكەین ، بەڵام نازانین یان نامانەوێ هیچ بكەین یان پێویستمان بەیەكتر ناسین هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین هێز و توامان كۆ بكەینەوە، دژی هەلەكانی ئەو دوو حوتەی كوردستان، واتە پێویستمان بە پارتێكی نوێ هەیە كە بتوانێ چارەنوسی كوردستان لە دەستی ئەو دوو پارتە دەرهێنێ. ئەگەر ئێمەی رەخنەگر و توورە لە دزان، یان.... فیرعەونەكانی كوردستان هتد، ئەوجا هەر ناوێكیان لێ بنێین، هەرلە گۆشەی رەخنەگرتن و تورەیی بمێنینەوە، بەبێ پێشكەش كردنی چارە و دەسپێشخەری بۆ چارەكردن، ئێمەش بە شێوەیەكی تر تاوانمان لە تاوانی ئەو دوو دزەی كوردستان كەمتر نیە، بۆیە من پێشنیار ئەكەم كە پارتێكی نوێ دابمەزرێنین بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەش ڕەش نوسی پێ ڕەو و پرۆگرامی پارتێكی نوێ لە هەشتی مانگی ڕابردوو لە ژێر ناونیشانی "من وحەمەدی برا برڕیارماندا چیتر هاوینان خۆش ڕانابوێرین لە كوێستانان " لە كوردستان نێت بلاوكاوەتەوە، 3/13 دووبارە بلاوكراوەتەوە.